# شەڕ دژی ژن ، ژن دژی شەڕ

د. کتۆر نەوال سەعداوی و: شنۆ میهر پەروەر

دەروونناسی بە سالاچووی میسری یەکێك لە بەناوبانگترین فیمینیستی‌یەکانی جیهانە. لە ماوەی ژیانی پڕ لە هەورازو نشێوی خۆی دا بە نووسینی دەیان وتارو کتێب بە داکۆکیی کردن لە مافەکانی ژنان خەریك و سەرقاڵ بووە و لەم رێگایەش دا تووشی زۆر ئازارو ئەزییەت هاتووە. لە لایەن نەیاران و مەزهەبییە توندڕەوەکانەوە هەڕشەی تیرۆری لێکراوە و هەروەها ماوەیەکیش لە زیندان دا بووە.

هەر ئێستا کە ئەم باسە دەنووسم لە سەر مێزی ئاشپەزخانە لە قاهیرە دانیشتووم و ١١ی ژانوییەی ساڵی ٢٠٠٤ی زایینی‌یە. هەتاو هێشتا هەڵنەهاتووەو بە دەنگی "بانگبێژ"ی مزگەوت کە بە میکرۆفۆنی شۆڕەوە بوو بە مەنارەی مزگەوتی شوبرا کە خەوی لە چاوی شار تاراندووە، لە خەو هەڵدەستم. ژمارەی ئەم میکرۆفۆنانە لە ماوەی ٣ دەیەی رابردوودا بە پارەی وڵاتانی دەوڵەمەند و نەوتی خەلیجی فارس یا کەسانی میسری کە لەم رێگایەدا پارە خەرج دەکەن، زۆر چووتە سەرێ. ئەم رەوشە چوارچێوەو پێکهاتەی سەرەکی توندرەوە موسڵمانەکان لە وڵاتی میسر و وڵاتانی دیکەی عەرەبی پێك دێنی. بۆ یەکەم جار دەنگی بانگبێژی مزگەوتم لە منداڵی داو پاشان لە لاوەتیی دابیست بە لامەوە زۆر سەرنج راکێش بوو. بە بیستنی ئەم دەنگە لە سەرەخۆو موزیکاڵە وام دەزانی بە سەر شار دا هەڵدەفڕم. ئێستا ئەم دەنگە لە گوێم دا وەك کاتی منداڵی نیە. ئەم دەنگە لە شەوانە دا رۆندك لە چاوانیان دێنێتە خوارێ و بە درێژایی رۆژ هەتا شەو دوپات دەبێتەوە. خەڵکی لە حاڵی حەسانەوە یان خەودا بۆ عیبادەت لە ماڵ دێنێتە دەرێ. دەنگی بانگبێژ و قسەی موبلغە دینی‌یەکان رەوتێکی بەردەوامە و لە ٩٠هەزار میکرۆفۆنی مزگەوت بە دەنگی بەرز و تووڕەی‌یەوە بڵاو دەبێتەوە. ئەمە شێوازێکی بێ دەنگی لە شەڕە. ئەمە یەکێك لەو چەند شەڕەیە کە بە دژی میلیۆنان خەڵکی ئاشتی خواز لە کاتی هاتنە سەرکاری ئەنوەر سادات لە ساڵی ١٩٧١ و کرانەوەی پێی نئۆئیمپریالیسمی ئەمریکا رووی داوە. سادات بە هاوکاری کیسینجێر و نیکسۆن پشتیوانی بە جووڵانەوە ئیسلامی‌یەکان و رێکخستن و پەرەسەندنیان کرد سادات سیاسەتێکی پێچەوانەی "جمال عبدالناصر"ی هەبوو. ئەو رێی بۆ بانگی جبهانی کۆمپانیا بیانی و فرە رەگەز و توندڕەو و ئیسلامی‌یەکان هەموار و خۆش کرد. ئەو پێویستی بە پشتیوانیەکی نێوخۆیی هەبوو. بەم پێیە لە بواری سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی پشتیوانی لە توندڕەوە موسڵمانەکان کرد بە دژی دێموکراسی، رووناکبیرانی کۆمەلچگا و نەیارانی خۆی لە ماوەی دەسەڵاتداریەتی خۆی بە رێبەریی ئەمریکا و بە گشتی سەرمایەداری رۆڵی سەرەکیی لە سەرکووتی ژنان و منداڵان دا هەبوو و رێگای بۆ کردنەوەی بەرواڵەت باوەر و پیرۆزی‌یەکان ئیسلام خۆش کرد. سەرمایەی نی ێونەتەوەیی و واستیەو دەڵالەکانیان لە ژێر ناوی ئیسلامدا، توندڕەوە مەسڵمانەکانیان زیندوو کردەوە. ئەمە شەڕێك بوو بە دژی زەینی خەڵك و خەباتێکی نوێ بۆ راگرتن و دەستەمۆ کردنی ئەم هزرە شۆردنەوەی مێشکی مەزهەبی پێویستی بە ئاسانکاری و حەشاردان لە ژێر چەترو سێبەری سەرمایە دژی ئەم ژیانە و ئەم ئاو و خاکە بووە شەڕ دژی مێشك دیاردەیەکی جیهانی‌یە. ئەم مەسەلەیە لە گەڵ سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی لە زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵات و رۆژئاوادا پەرەی پێ درا. ئەم پرسە لە ژێر سێبەری هاوکاری دیکتاتۆرە خۆجێیی و رژیمە گەندەڵە ناوچەی‌یەکان لە لایەك و ئیمپریالیمی نوێ ئامریکا بە هاوکاری سەهیۆنیستە توندڕەوەکان بە رێبەریی ئیسرائیل لە لایەکی دیکەوەیە.

زۆربەی هێرشە توندو تیژانەکان لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا بە دژی ژنان کە مەبەستی سەرەکیی توندڕەوەکان، بەڕێوەچووە. دەستەمۆ کردن و کۆنترۆڵی ئەوان و بە تایبەت زەین و مێشکیان یەکێك لە گرینگترین مەبەستەکانیان بووە و چالاکی گرووپەکانی لایەنگری ژنان لە ماوەی ساڵانی رابردوودا ناوبانگی هەیە. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٩١



لە میسر لقی ئەنجوومەنی پشتیوانیی ژنان بە فەرمانی حکوومەت داخرا. لە بەر ئەوەی کە ئەم ئەنجوومەنە هێرشی ئامریکا و ١٣ وڵاتی هاوپەیمانی بە دژی عێراق مەحکووم و ئیدانەی کردبوو. هێرش بۆ عێراق لە ساڵی ١٩٩١ی زایینی ١٥٠هەزار کوژراوی لێ کەوتەوە کە زۆربەیان ژنان و منداڵان بوو. ١٣ساڵ ئابڵووقەی ئابووری داسەپاو لە لایەن ئامریکا و بەریتانیاو بە لانیکەمەوە مردنی ٢ میلیۆن کەس بە تایبەت لە نێو ژنان و منداڵانی بە دواوە بوو، کە قوربانیی سەرەکیی قات و قڕی و برسێیەتی لە ماوەی مێژوودا بوون. هێرشە قورس و چڕوپڕەکانی ئیسرائیل بۆ سەر هاووڵاتیان و دانیشتوانی فەلەستین زەرەرو زیانی قەرەبوو نەکراوی لە سەر ژیان و سەلامەتی ژنان و منداڵان داناوە. رێگای کاریگەر بۆ کۆنترۆڵی ژن داگیرکردنی هەرچی زیاتری ئەو لە میسردا پەرە پێدان و بڵاوپێکردنی یاساکانی "دراکونی"یە. بەڵام لەوانەیە ئەم یاسایانە باشترین رێگا بۆ پشگیری و کۆنترۆڵی ژنان لە کۆڕینی فکر، رێکخستن بۆ ئاڵوگۆڕ و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی رێگاکانی بەرەنگاری‌یە. کاتێك کە وتارو کتێب یا ساغ بۆ چاپ و بەرنامەی تەلەفزیۆنی لە پێوەندی لە گەڵ ژنان و ئیدانە کردن و رەخنەگرتن لە هزری توندڕۆیانە ئەنجام درا، فیکری سوننەتی پاشایەتی و هەڵس و کەوتەکانیان سەری هەڵدا. پێدا هەڵگووتن و پەسنبێژی دێموکراسی، داکۆکی کردن لە مافەکانی ژنان و... بە دوای ئەویش دا هێرشی قورس بە دژی تاوانبارانی وەرگەڕاوان لە دین، هەڕەشە کردن بۆ کوشتنی فیزیکی، دەست پێکردنی کوشتنی دانیشتوانی ئاسایی، نووسەران، رۆژنامە نووسان، چالاکانی مەسەلەکانی ژن و پیاو، دەست پێکردنی گۆڕینی ژن بەرەو بە کاربەرێکی بەهاو داب و نەریتی رۆژئاواییەکان وەك free market بازاری ئازادی (مەسەلەی خواردن و ئاسایش)، دابەش کردنی ژنان بە "بی کلاس و با کلاس" بە شێوەی شەڕێك، دڕندانە بە دژی مێشکی ژن و پیاو دەستی پێکرد. بە تایبەتی لە نێوەندی لە گەڵ ژنان دا چونکە تەنیا ژنە کە دەتوانێ ژن ئازاد بکا و هێزێکی وا گەورە پێك بێنێ و کۆمەڵگە بگۆڕێ بەرەو بە کۆمەڵگایەکی ساخلەم و باش لەم شەڕە دا ژن بە هۆی مشارێکەوە وەزاڵە هاتووە. لە دوو لایەنەوە دەکەوێتە بەر هێرش، لە لایەك کۆمەڵگایەکی (بە کاربەر ـ بەرخۆر) مەسرەفی free market ێك هەیە و لە لایەکی دیکەوە بە رواڵەت توندڕەوانی دژ بە یەك. بەڵام لە راستی دا ئەم دووانە بە هاوکاری یەکتر ژن دەچەوسێننەوەو سەرکووتی دەکەنز کۆنترۆڵی زەین، کۆنترۆڵی جەستەی باوەڕو داب و نەریتە کۆنەکان، شێوەی داپۆشین و سەرکوت بۆ خۆی دەبێتە هۆی پێك هێنانی ترس و تریشی هۆی سەرەکی تەسلیم بوون و خۆ بە دەستەوەدانە. ئازادییەکی پڕو پووچ سەبارەت بە سیکس کە لە راستی دا خۆ فرۆشی‌یەو یا شێوەیەکە لە بازرگانی ئێستاش بووە بە مۆد. گوستنەوەیان بۆ ناوچەکار

هەرزانەکان بە شێوەی بازرگانی ئازاد یا بە شێوەی نارەسمی و یا بۆ پێش خزمەتیش ئێستا بەناوبانگە.

بە هەر حاڵ لە ناوچەی ئێمە دا بەربڵاوترین و مەترسی دارترین ئەو هێزانەی کە لە گەڵ فکری ژن دا لە شەڕدان، توندڕەوەکانن کە تەنانەت لە ماڵەوەش دا و لە پێك هاتەی کۆمەڵایەتی کۆنەپارێزی مەزهەبیش دا بوونیان هەیە. بۆ شاردنەوە، بەهێز بوون، پاساودان، بەردەوامی، ئابووری، سیاسەت و فەرهەنگی چەوساندنەوەی سەرمایەداری بە رێبەرایەتی ئیمپریالیسیمی ئامریکا، تیکنۆلۆژی نوێ بە هۆی پێوەندی گرتن و زانیاری‌یەوە کاری زۆر ئاسان کردوە. وڵاتانێکی وەك میسر بە هەژار، دواکەوتوو و جیهان سێهەمی ناو دەبەن. ئێمە هەژار نین وڵاتانی عەرەبی لە ریزی دەوڵەمەندترین وڵاتانی دنیادا بە هۆی زۆربوونی سەرچاوە سروشتی و هێزی مرۆییەکانەوە. بەڵام ئەم هێزی مرۆییە، کانگا، فۆسیل و.... بەردەوام بە هۆی سەرمایەداری، بانکی جیهانی، رێکخراوی بازرگانی جیهانی و.... لە رێگای نا هاوسەنگی بازرگانی قەرزی دەرەوەیی، هاتنە خوارەوەی بەهای دراو، سەرمایە گوزاری مەترسی هێنەر، هاوسەنگ بوونی پێکهاتەیی و سیاسەتی مەسرەف، بەردەوام دەچێتە گیرفانی تاڵانکەرانی دەرەوەیی. شەڕێکی نیزامی و ئابووری، بازرگانی‌یەکی نیزامی و ژێنوسایدێك کە بەردەوام خوێنی نیشتمانەکەمان دەمژێ. لە میسری هەژاردا بە رادەی هەژێنەر دەچێتە سەرێ و ئەمەش لە زیانەکانی دەروازەی کراوەی کۆمەڵگای بەرخۆرە. زیاتر لە ٤٠٪ حەشیمەت بە تایبەتی ژنان و منداڵان لە ژێر هێڵی هەژاریی (٢دۆلار لە رۆژدا) ژیان دەبەنە سەر. فیمینسیم سەرمایەیەکی (دەسەڵاتێکی) بەهێزە کە لە هەموو شوێنێك دا بەکار دێن. ٥ ملیۆن ژنی فەرمانبەر، رۆڵێکی کەمیان لە بەرهەم هێنان، بازرگانی، خزمەتگوزاریی و... هەیە. داهاتی مانگانەی زۆربەیان لە ٤٠ دۆلار بۆ ١٠ سەعات کار لە رۆژدا تێ ناپەڕێ. ئەم رێژەیە زۆر جاران و دەتوانین بڵێین هەموو کات کەمتر لە داهاتی پیاوانە لە بەر ئەوەی کە زۆربەیان (ژنان) نافەرمی و هێزو دەسەڵاتێکی سیاسی کەمیان بۆ خۆ دەرخستن هەیە. ژنان تەنیا ٢٪ ئەندامی پارڵمان و تەنیا ١٪ لە ئەندامی پارلمانی ناوچەیی پێك دێنن. تەنانەت ئەم ژنە هەڵبژێردراوانە مەیلیان بۆ داخوازی یا مافەکانی ژنان نیە. لە ناوچەیی ئێمە دا شەڕی زۆر رووی داوە بە تایبەتی بە هۆی سەرچاوە نەوتی‌یەکان. ئەم سەرمایە لە ناوچەی ئێمەدا بووە بە پاروویەك چەور بوو کۆلۆنیالیزمی نوێ لە رێگای بەشداریی نێونەتەوەیی و کۆمپانیا فرە نەتەوەیی‌یەکانەوە لە ژیانم داو لەو کاتەی کە منداڵ بووم (٧) شەڕم دیوە و هەر ئێستاش بینەرێکی دڕندەی کشتارەکانی ئیسرائیل لە فەلەستین و ئەمریکا و بەریتانیا لە عێراقم. ژنان و منداڵان لاوازترین توێژی کۆمەڵگاکەمان و یەکەمین قوربانیانن. لە دێیەکەمان دا (کفر تهلا) ژنان بۆ باوك، برا و مێردەکانیان و خزمانی دیکەیان کە لە شەڕدا دەکوژرێن، جلی رەش لە بەردەکەن و زۆربەیان بۆ وەدەست خستنی نان و خواردەمەنی لە ئازاردان. شەڕەکان بە هۆی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی بە شێوەی مەترسی‌دار خاپوورکەر بوون. چەکی خراپەکان بە چەکە کۆمەڵ کوژەکان ناسراون، بەڵام ئەوانەی کە بە چەکە باوەکان ناو دەبرێن، وێرانگەرتر و زیانبارترن. (٢ تۆن بۆمب، ١ تۆن راکێت، ئەو بۆمبانەی کە لە نێو بەری ئۆکسیژنن، ئەو بۆبانەی کە کلاوی ئەتۆمی و...) چەکە ناوکی‌یەکان، میکرۆبی و شیمیایی هەڕەشە لە گیانی بە میلیۆنان کەس و لە سەرووی هەموانەوە منداڵان و ژنان دەکا. لە وانەیە ئێستاش مەترسی دارترین و زیانهێنەرترین چەکەکان شۆردنەوەی مێشکەکان یا گۆجکردنی فیکری لە رێگای ریکلام و تەبلیغاتەوە بێ. سیستەمی فەرهەنگی و لە هەموان گرینگتر تەبلیغاتی توندڕەوەکان ئاگایی‌یەکی هەڵەو ناراستی لە نێو ژن و پیاودا پێك هێناوە. ئەم حەشیمەتە دەتوانێ نیوەی حەشیمەتی وڵاتانی من و لەوانەیە زیاتر لە نیوەی حەشیمەتی جیهان بێ. ئەم ئاگایی و هۆشیارییە درۆ نیە ژن ملکەچ دەکات. مەبەست لە ملکەچ ئەوەیە کە ژن دەبێتە گوێڕایەڵ. ژن ئەم خۆ ئازاردان و بۆنەوەی داهاتوو دەگوێزرێتەوە (منداڵان، کچان و ژنان و کوڕان). ئەم رەوش و باروودۆخە زۆر مەترسی‌دارو چونکە ئەم زوڵم و ستەمە بە دژی ژن بۆ چاولێکردن نابێ. بە پێچەوانەوە برینی فیزیکی دەزگای تەناسولی ژنانە (خەتەنەکردن)، ئەم لە نێو بردنەی نەسڵ کە هاتنە خوارەوەی توانایی تێگەیشتن، نەبوونی دژ کردەوە (زملکس) نەبوونی بەرەنگاری و بەشداریی نەکردن لە پێك هێنانی ئاڵوگۆڕدا لە خۆ دەگرێ، بۆ چاولێکردن نابێ. ئەمە بە واتای وێرانکردنی سەرەکیی ترین داهێنان و ئافراندنەکانی زەینی مرۆڤە، پێك هێنانی ترس، خۆ بە دەستەوەدان و تەسلیم بوون و پەناگرتن و خراپ باس کردن و بیرکردنەوەو لاوازیی لە بریاردان بۆ ژنان دێتە ئەژمار کە ناتوانی پەرە بە ئیدارەیەکی پۆڵایین لە بریاردانی راست و دروست بۆ بەرگری لە باوەڕەکان و بەرگری لە بەرانبەر دوژمن دا بدا، بۆ ئەوەی بە ژیانێکی باش و رێك و پێك بکا. ئەوان ژنان بە دوژمنی خۆیان و لە ناساندن و دیاریکردنی دۆست لە دوژمن بە لاوازیان دەزانن.

ـ ژیانی عەرەب مل بۆ کۆیلەتی رادەکێشن.

لە ماوەی نیوەی ژانویەی ٢٠٠٤ی زایینی دا رووبەروونەوەیەکی توند و کوت و پڕ لە پێوەندی لە گەڵ حیجاب لە قوتابخانە گشتی‌یەکانی فەرانسە دا رووی دا. دەسەڵاتدارانی فەرانسە بۆ پارێزگاری لە رێبازی سێکۆلار سەرقاڵی پەسەندکردنی گەلاڵەیەك سەبارەت بە قەدەغە کردنی حیجابی کچانی لاو و کوران و یا هەر جۆرە جل و بەرگێکی دیکە بوون کە نیشانەی ئەوە بێ لە سەر باوەڕێکی دینی تایبەتن. ئەم قەدەغە کردنە ئەو شتانەی وەك: سەلیبی مسیحی‌یەکان، کلاوی یەهوودییەکان و حیجابی موسڵمانەکانی لە خۆ دەگرت.

بە دوای راگەیاندنی ئەم یاسایە شەپۆلێك لە ئیدانە کردن و نارەزایەتی لە وڵاتانی عەرەبی بەرز بووەوە. هۆی نارەزایەتی ئەم خاڵەش پێوەندی هەبوو بەوەی کە لە بەرچاوگرتنی حیجاب یاسایەکی ئیلاهی‌یەو نابێ سەبارەت پێی بێ ئاگا بین. بەرپرسانی مەزهەبی، شێخەکان، بیرمەندانی ئیسلامی، سێکۆلارەکان، حیزبە سیاسی‌یەکان و لە سەرووی هەمووانەوە ئێخوان الموسلیمێن و جیهاد ئیسلامی، نوێنەرانی پارلمان و ژورنالیستەکان بەم هەرا هەرایە پێویست بوون کە لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە ئەم کارەساتێکی مەترسیدارە. هەرچەند کە لە قورئان دا بە راشکاوین ئاماژە بە جۆری خۆ داپۆشین و حیجاب نەکراوە. بە راستی بۆچی ئەم هەرا هەرایە لە دەورووبەری ژن و داپۆشینی ئەو دەسوڕیتەوە؟ بۆچی وەك شتێکی مەترسیدار لە ژن دەروانرێ و؟ بۆچی دەبێ لە نێو بچی؟

بەشێکی جیا نەکراوە لە خەباتی ئەو پیاوانەی کە یاسای فەرانسەیان ئیدانە و مەحکووم کرد، سەرکوتی ژنان و کنترۆڵی پیاوان بە سەر زەینی ژنان دا بوو. لە راستی دا



د. نەوال سەعداوی

لایەنێك لە دەسەڵاتی توندرەوەکان لە کۆمەڵگا دا کۆنترۆڵ و سەرکوتی ژنانە. زۆربەی ژنان بۆ فڕێ دان و دوور خستنەوەی زنجیری کۆت و بەند لە ژێر فشار دا بوون. لەم سیاسەت کاریە پڕ لە هەرایە د ا ئەکتەرەکانی دیکە بۆ قازانج و بەرژەوەندی تاکە کەسیی خۆیان لە مافی ژن یا کەمیی مافی ژن کەڵکی خراپیان وەرگرت. ژاك شیراك چاوی لە بیروڕای گشتیی لە هەڵبژاردنی داهاتوو بڕیبوو. حکوومەتی ئامریکاش کە ئاڵای داکۆکیی لە مافی مرۆڤی هەڵکردوە، داکۆکیی لە مافی ژنی هێنایە گۆرو باسی کرد.

جۆرج بووش بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو ئامادە دەبوو، هەروەها هەلێکی وێکچووی وەدەست کەوت کە زەبرێکی قورس لە فەرانسە کە لە نارازیانی شەڕی عێراق بوو، بدا. سەرەڕای ئەوەش یەکێك لە بەیاننامەکانی بووش لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕ دژی ئەفغانستان و عێراق ئازادی ژنان بوو. دەوڵەتی بەریتانیاش هەر ئەو هەڵوێستەی ئامریکای هەڵبژارد تا برێك لە خۆشەویستی کۆمەڵایەتی لە دەست چووی توون بلێر بە تایبەتی لە نێو کۆمەڵگای موسڵمانان دا قەرەبوو بکاتەوە کەوا بوو لە گەڵ بووش هاو ئاهەنگی و هاوکارییەکی چروپڕیان بەڕێوە برد.

بە هەرحاڵ بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە رێ و دەسمێکی بە شکۆدا ژنانی لاو لە شەقامەکانی پاریس، قاهیرە و شارەکانی دیکە دژی فەرانسە و راگەیاندراوی حکوومەت لە پێوەندی لە گەڵ حیجاب ئەم یاسا ئیلاهیە و لە داکۆکیی کردن لە حیجاب رێپێوانیان وەرێ خست. ئەمە نموونەیەك لە ئاگایی درۆین بوو، کە چۆن ژنان دەبنە دوژمنی ئازادی و دوژمنی ئازادی و دوژمنی خۆیان و نموونەیەك لەوەی کە چلۆن توندڕەو مەزهەبیەکان لە گەمە سیاسییەکان دا رۆڵێکی گرینگ بەڕێوە دەبەن و لە خزمەت هێز و دەسەلات دان. لە سێپتامبری ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی نیویۆرك چاوم بە گروپێك لە ژنانی عێراقی کەوت. زۆر

سەرم سوڕما کە بۆچی لە ئازادی عێراق و داگیرکردنی لە لایەن ئامریکاوە قسە دەکەن. لەوانەیە لەوەوە سەرچاوە بگرێ کە ئەوان و کەس و کارەکانیان لە دەست سەددام و ڕێژیمە دیکتاتۆرەکەی تووشی بەڵاو ئازارو ئەزییەتێکی زۆر هاتبن، دەنا چۆن دەیانتوانی تووشی ئەو هەڵەیە بن کە خەڵك، ژنان و منداڵانی عێراقی تووشی بەڵاو ئازارو گیروگرفتی زۆرتر لە لایەن داگیرکەرانەوە، تەنانەت زیاتر لە رابردوو نەبن. ترس، بنەڕتی ترین لایەنی ژێر دەستەیی ژنانە لە جیهان دا، کە بە شێوەی زانیاریی گەیاندن لە تۆڕە ماستاوچیە جیهانییەکانەوە بە هۆی پیاوانێکی وەك: رۆبێرت میردۆخ و سێلیویۆ بێرلۆ سکۆنی و فاشیتی نوێ، جۆرج بووشەوە ڕێنوێنی دەکرێ. دروشمی دووپاتکراوەی ژنان و کچانی خۆ پێشاندەر بە دژی ڕاگەیاندراوی فەرانسە ئەوە بوو کە: حیجاب سەمبۆل نیە بەڵکوو ئیدەو ئەندێشەیە. ئەمە هەر پاساو و بەڵگە هێنانەوەی ڕێبەرانی دینی بزووتنەوە ئیسلامییەکان و شێخانی (الازهر) بوو کە گرینگترین ناوەندی بڵاو پێکردنی ئیسلامیە ئەم ناوەندە مێژووی زیاتر لە هەزار ساڵە. ئەو بەڵگەو پاساو هێنانەوەی دیکە کە لە شۆڕدنەوەی مێشك دا کەڵکی لێ وەردەگیردرێ لە سەر ئەو باوەڕەیە کە حیجاب لایەنێکی جیا نەکراوەی شوناسی دینی ژن و دژ کردەوەو سەمبۆلێك لە بەرانبەر ئیمپریالسیمی ڕۆژئاوادا و باوەرە ڕۆژ ئاواییەکان و خەباتێك بە دژی هێرشی فەرهەنگی و مەبەستی داگیرکاریی ڕۆژئاوا بۆ وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکانە. لەم ڕێپێوانە دا ژنانی لاو و کچانی حیجابی، زۆربەی هەرە زۆریان جلی جینی تەسکیان لە بەرکردبوو، کرێمی دژی هەتاویان لە دەم و چاویان دابوو، لێوەکانیان سووری بریقەدار و مژۆڵەکان و دەوروبەری چاوەکانیانیش ئارایشی خەست و خۆڵ کردبوو. بە پێڵاوی پاشنە بەرزو لە حاڵی خواردنەوەی کوکا کۆلا و جێن (sprite) دا ڕێپێوانیان دەکرد. ئەو ڕێپێوانە پردێکی پێوەندی قورس و قایم لە نێوان ڕۆژئاوای سەرمایەداری مەسرەفی و توندڕەوەکانەو ئەوە نیشان دەدا کەچۆن پووڵ و سەرمایە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی بە جیهانی بوون ئەمە لە ڕاستی دا ئەوە نیشان دەدا کە ئاگایی ناڕاست و هەڵە تەقە کردنە لە دەروازەی خۆت.

ـ تیرۆیسم و هەژاری و سەرهەڵدانی ترس:

بە پەرەگرتنی شەڕ لە ناوچە عەرەبییەکان، کوشتنی ڕۆژانەی دانیشتوانی بێ تاوانی عێراقی و فەلەستینی، هەڕەشەکانی ئیمپریالیست بۆ سەر سووریە و ئێران بە هۆی بووش و شارۆن، دەبێتە هۆی سەرە گرتنی تێرۆر بە هاوکاری هێزە داگیرکەرەکان و پۆلیسی ناوچەیی پارێزەری سەرکووتکەر. هێزی نیزامی لە ناوچە دایە و زیاتر لە جاران سیستەمی کۆن بە سەر خەڵکی لە نێو خۆو دەرەوە دا دەسەپێنێ. بە چوونە سەری ترس لە دڵ و زەینی ژنەکان، ئەوان زیاتر لە جاران دەستەمۆتر، تەسلیم تر و بە کەمترین فشار، و بە بێ بەرەنگاریی بۆ ئاڵ و گۆڕ خۆیان تەسلیمی چارەنووس دەکەن.

ترس لە سەر ژنان زیاتر لە پیاوان کاریگەری هەیە لە بەر ئەوەی ژنان لە ژێر دەسەڵاتی پیاوان دان و لە لایەن بنەماڵەشەوە لە ژێر فشاردان. لە شوێنی پیشەو کار، لە ژیانی ئاسایی لە لایەن ڕێکخستنی دینیەوە.

ـ ترس مامانی کۆیلەتییە.

پێکهاتەی هەژاری و توندو تیژی، ترس لە ژنان دا بەهێز دەکا. نەبوونی دەسەڵاتی مالیی و شەڕو ململانێی بۆ مانەوە نەتەنیا ترس دەسەپێنێ بەڵکوو زەین داگیر دەکا، وزە بە فیرۆ دەدا، خۆشی ژیان لاواز و ڕۆحێك بۆ خەبات، بەرەنگاری و هاوپێوەندیی ناهێڵێتەوە. لە میسر دا ٨١٪ ژنانی زانکۆیی و دەرچوو لە زانکۆ و ناوەندەکانی خوێند بێ باڵا دامەزران. دەوڵەتی میسر لە گەڵ ١٥٦ ملیارد پۆند قەرز بەرەو ڕوویە (بەرانبەر بە ١٣٧٪ داهاتی ناخالسی میللی)، ١٤٦ ملیارد پۆند لە ڕێکخراوی میللی دابین کردنی کۆمەڵایەتی (تأمین اجتماعی) قەرز وەرگرتووە کە کەمیی پووڵی دراوەدا قەرز بوو بکاتەوەو بە دوای فێڵ و تەڵەکەیەکدا دەگەڕێ کە پێیان نەداتەوە. زۆربەی ئەم بودجانە بۆ کۆنترۆڵی ژنانی ناوچە، ژنانی سەڵت و منداڵانی مێینەیە کە داهاتێکی سەربەخۆیان لە ژیان دانیە. ژنان بە پیاوانی بنەماڵەوە بەستراوە دەبن و ئەم پرسەش وایان لێ دەکا لە بەرامبەر زوڵم دا زیان پێ گەیشتووتر و گوێ ڕایەڵ تر بن و زیاتر بترسن.

ـ یەکگرتنی ئیمپێریالیستی نوێ و توندڕەوە ئیسلامییەکان:

بۆچی لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا ئیمپێریالیستی نوێ لە گەڵ گرووپە سیاسی مەزهەبییەکان لە ئاستی جیهان دا هاوکاری هەبووە؟

بۆچی کۆمپانیای نەوتی تێگزاز، بنەماڵەی بووش و ڕێکخراوی سیا، ماوەیەکی دوورو درێژ لە گەڵ ڕێبەرانی ئیسلامی سیاسی، دەسەڵاتدارن و بنەماڵەی سعوود و بەرپرسی ئەلقاعیدە ئۆسامە بن لادن و ٣٥٠٠٠ ئەندامی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان پێوەندی و هاوکاریان هەبووە؟

بۆچی پشتیوانی لە دەست درێژی و پێ گەیاندنی توودڕەوەکان لە وڵاتانی عەرەبی، ئافریقایی و ئاسیایی دەکەن؟

کەڵك وەرگرتن لە ئیسلامی سیاسی مێژوویەکی کۆنی هەیە. بە تایبەتی لەو کاتەوە کە سەرمایەداری هێندێك کۆبوەوە. بەشێك لەم سیاسەتە بە دژی ژنان بووە بۆ ئەوەی بیانکەنە جەستەیەکی بێ فکرو بێ مێشك. کۆمپانیا سەرمایەدارییەکان ئەوانیان بۆ بازرگانی بە کار بردن و کەڵك لێ وەرگرتنێکی زیاتر، چێژ وەرگرتنی جینی ئامادە دەکەن ئیسلامی توندڕەو ژنان لە ماڵەوە، بەرهەم هێنانی کار، چاوەدێری و خواردن دروست کردن و بارهێنان زیندانی و دیل دەکا. دەسەڵاتدارانی نوێی جیهان بۆ پێشگیری و لە ژێر فشار خستنی شوێنە داگیرکراوە نوێیەکان لە هێزی نیزامی، پۆلیس، بەندیخانەکان و بەستراوەیی ئابووریی کەڵك وەردەگرن، بەڵام باش ئەوەش دەزانن کە ئەم فشارە بە تایبەتی کارساز نیە. ئەوان ترس و دڵە راوکێی دەخەنە نێو زەینی مرۆڤ و بە تایبەتی زەینی ژنان. ژنان بناخەو بنیاتی کۆمەڵگان. بنیاتی بنەماڵە، لە ماڵەوە، پێکهاتەی پێوەندیی کۆمەڵ،کۆڵەکەی سەرەکیی ئابووریی ژیان لە بەرهەم هێنان و سەر لە نوێ بەرهەم هێنانەوەن.

ژنان ٩٠٪ی هەموو کارەکان لە ئەستۆ دەگرن بەڵام بۆ خۆیان ١٠٪ بەشیان هەیە. ژنان لە بزووتن کە جیهان سەروژێر بکەن و بیگۆڕن.

٤٣١ کەسی سەرمایەدارو دەوڵەمەند زیاتر لە نیوەی خەڵکی دنیا سەرمایەیان هەیە. مەودای چینایەتی نێوان هەژار و دەوڵەمەند هەموو ساڵێك زیاتر و زیاتر دەبێ.

بووشەکان، بلێرەکان، شارۆنەکانن موشەڕەفەکان، واجپایەکان، پاشاکان و دەسەڵاتدارانی جیهانی عەرەب و ٥٠٠ کۆمپانیایی فرەنەتەوە ٨٠٪ لە سەرمایە گوزاری و بازرگانی جیهانیان لە دەست دایە.

هێزی (سنعەتی) پیشەسازی پێشکەوتوو، هەبوونی کۆنە پارێزانی نوێ، چەکە ئەتۆمییەکان، بوونی دایمی لە ٣٦ وڵات دا، بوونی نیزامی لە ١٢٠ وڵاتی جیهان و فرۆشگای جیهانی، ژیانی ئێمەی لە هەموو شوێنێك دا پەك خستووەو ئەوانی بەهێز و بەهێزتر و هێرش بەرتر کردوە بە شێوەیەك کە لە رابردوودا بێ وێنە بووە.

بەم پێناسانە ژنان لە ناوچە عەرەبییەکان، عێراق، فەلەستین، میسر، سووریە،لوبنان، موورو، بەحرین و عەرەبستانی سعوودی خەباتیان ناوەستێنن. شان بە شانی ژنانی ئامریکا، ئامریکای لاتین، ئێران، ئەفغانستان، هیند و ئاسیا دژی زۆردار، بۆ ئاشتی، دێموکراسی و بۆ دادپەروەریی کۆمەڵاتی خەبات دەکن ژنان هیچ کات خەباتی خۆیان لە رێگای جۆراوجۆرەوە، بە دژی شۆردنەوەی مێشکی راگەیاندنی جیهانی، بەرستراوەیی ئابووری و ژینۆساید، کەم بوونەوەیی تەندروستی، پیس بوونی ژینگە، کۆیلە بوونی ئابووری راناوەستێن ژنان هیچ کات بۆ پارێزگاری لە خۆیان و منداڵانیان و بە دژی مەحکووم بوون و کاری بێگاری دەست هەڵناگرن. سەدان هەزار ژن لە جیهان دا بۆ ئاشتی بە دژی شەڕ، بۆ دێموکراسی بە دژی دیکتاتۆری، بۆ وەدەست هێنانی مافی جەستەیی و فیکریی خۆیان بە دژی کۆیلەتی لە رێپێوان دا بەشدارییان کرد.

ژنان لە وڵاتی عەرەبییەکان دا لە گۆڕینی یاساکان دا سەرکەوتوو بوون. لە زۆربەی بەشە ئابوورییەکان، چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دا خۆیان بەشدار کردووە، تەنانەت زۆر لە باوەڕە سەرەتاییەکانیان گۆڕیوە و زۆرێك لە ژیانیان بۆ خەبات بە دژی هەڵاواردن (جنسی) رەگەزیی هان داوە.

جووڵانەوەو بزووتنەوە بە دژی سەرمایەداری روو لە گەشەیە، جووڵانێك بە پۆتانیسەلێکی بەهێز، دێموکراتیك، چەند لایەنەکە هیوایەك بۆ دێموکراسی پلۆرالیستی، هیوایەك بۆ ئاشتی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بێ و هیچ کات لە رابردوودا بارودۆخەکە ئاوا نەبووە. هەمووومان بەشێك لەم بزووتنەوەین هەمووومان شاهیدی خاڵە بەهێزەکان و رووداوە گرینگەکان بۆ داهاتوویەکی نوێین. دەبێ هەمووومان رابردوو بێنینەوە یاد کە ساڵانێك ژن تەنانەت پێشکەوتووترین، دێموکراتیك ترین، سۆسیالیست ترین بزووتنەوەکان و تەنانەت لە زۆربەی بزووتنەوە ناوچەیی و جیهانییەکان وەلانرابوون. ئەم کۆبوونەوەی ئەمڕۆ دەتوانێ هەنگاوێکی گرینگ لە قەرەبوو کردنەوەی ئەم بارودۆخە بۆ ژنان بێ. زۆربەی هەنگاوەکان پێشتر هەڵگیراون، بەڵام جادەی ئێستا کە لایەنێکی جیا نەکراوەی خەباتی ئێمە بۆ دەسکەوتی باشترە، زۆر دوورو درێژە. بەبێ ئازادی فکرو بەبێ ژن، لە سەر کوتە سووننەتیە رێکخراوە سەرمایەداری و توندڕەوەکان جیهانێکی باشمان نابێ. بەبێ رێکخستنی ژنان، تەنانەت ئاشتی، دادپەروەری و دێموکراسی راستەقینە نایەنەدی.

* * *